
# شیعریەتی نیگەرانی لە دیوانی شێخی ئیشراقدا

## د. شاهۆ سەعید




ئەم نوسینە لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری "شیعر"دا بڵاوکراوەتەوە، سلێمانی، ٢٠١٧.

## ناساندن:

شەمسەدینی سوهرەوەردی (١١٩١-١١٥٥) ناسراو بە شێخی ئیشراق، یان شێخی کوژراو، یەکێکە لە سۆفیگەرە ناسراوەکانی سەدەی دوانزەیەمی جیهانی ئیسلامی. بەگوێرەی پشکنینی هەندێک لە توێژەران، بە رەچەڵەک کورد بووە و لە گوندی "سورەوەرد"ی سەر بە زەنجان لە دایکبووە، کە گوندێکە دەکەوێتە سەر سنوری ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان؛ بەڵام هەر زوو ئەو گوندە جێدێڵێت و گەشتێک دەستپێدەکات بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی ئیشراق لە سۆفیگەریدا. سوهرەوەردی ژیانێکی کورت ژیاوە، بەڵام گەڕیدەیەکی بەردەوام بووە لەنێوان ئازەربایجان، ئەسفەهان، بەغدا، دیاربەکر، حەڵەب و مەڵبەندە شارستانیەکانی ئەو دەمەی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا. لە گەشتەکانیدا، بێهوودە هەوڵیداوە حیکمەتی زەردەشتی لەگەڵ ئایدیاڵیزمی گریکی و شەریعەتی ئیسلامیدا پێکەوە بگونجێنێت. لە تەمەنی سی و شەشساڵیدا، پاش ئەوەی دەچێتە ململانێیەکی فیکرییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ئاینی و رۆشنبیریی ئەو سەردەمەدا، تۆمەتی زەندەقە (هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام) دەدرێتە پاڵی و پاش دادگاییکردنی لەلایەن فەقیهەکانەوە، بە فەرمانی سەلاحەدینی ئەیوبی و بەسەرپەرشتی زاهیری کوڕی سەلاحەدین لە قەڵای حەڵەب ئیعدام دەکرێت. لەو ماوە کورتەی ژیانیدا نزیکەی حەفتا کتێب و دەقی جۆراوجۆری، بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی لە بواری فەلسەفە و عیرفان و ئەدەبیاتدا، نوسیوە[١]. دیوانی شێخی ئیشراق، یان دیوانی سوهرەوەردی کوژراو[٢]، کتێبێکی قەبارە بچووکە، بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکانی تری سوهرەوەردیدا بایەخی زۆری پێنەدراوە. لێرەدا راڤەیەکی خێرا بۆ بەشێک لەو دیوانە دەکەین، کە پەیوەندییەکی سیمیۆلۆجی لەگەڵ جیهانبینی و ئەزموونی گشتی سوهرەوەردیدا هەیە، گوزارشتێکی ئیستاتیکی لەو نیگەرانییە قووڵە دەکات کە بە چارەنوسێکی تراجیدیی کۆتایی دێت.

## گەڕان لە رووبەری دەق و جوگرافیادا

لەنێوان ژیانی راستەقینەی سوهرەوەردی و ژیانی گریمانەیی ناو دەقەکانیدا لێکچوونێکی زۆر هەیە. ئەو هەمیشە کەسێکی نامۆ بووە، چ لەسەر ئاستی بیرکردنەوەو چ لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی، چ لە زێدی خۆی و چ لەو جوگرافیا دوورانەی کە رووی تێکردوون. نیگەرانی بەشێک بووە لە شوناسی ئەو، نیگەرانی بووەتە ئەنگێزەی گەڕان و سەفەرە بەردەوامەکانی، بەو ئومێدەی کەسانێک بدۆزێتەوە هاوڕای بن، یان ناکۆک بن بەڵام جەدەلی فەلسەفی و عیرفانییان لەگەڵ دابمەزرێنێت. سەرەنجام، لە گەشت و سەفەرەکانیدا بێهوودە دەبێت، چونکە سەردەمی ئەو سەردەمی شمشێر بەدەست و فەقیهەکانی دەسەڵات بووە، کە ئەرکیان شەرعاندنی رەفتارەکانی دەسەڵات و تەکفیری خاوەن بیرکردنەوە جیاواز و نامۆکان بووە.
خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی "هێنری کۆربین" لە لێکدانەوەی یەکێک لە کتێبەکانی شەمسەدینی شارەزووری، کە راڤەکار و فێرخوازێکی سوهرەوەردییە، دەنوسێت: "پاش گەڕانێکی دوور و درێژ، (سوهرەوەردی) شکستی هێنا لەوەی کەسێک بدۆزێتەوە کە باوەڕو دیدی لە خۆی بچێت، کە لە بەرهەمی فەیلەسوفان و حیکمەتی پێغەمبەران تێبگات. ئەو تەنها لەلایەن فەقیهەکانەوە سەرکوت نەکرا، بەڵکو تەنانەت لەلایەن فەیلەسوفە ئەقڵانیەکانیشەوە چەوسێندرایەوە کە وەک وەهم لە دنیای هەقیقەتی رۆحیی ئەویان دەڕوانی، دنیایەک کە لەپێناویدا ژیاو لەپێناویدا گیانی سپارد"(٣).
دواوێستگەی گەشتەکانی سوهرەوەردی شاری "حەڵەب" بووە، کە کەوتووەتە خۆرئاوای زێدی ئەو. لەگەڵ تاقیکردنەوەی هەموو جوگرافیایەکی نوێدا، هەستی بە غوربەتێکی تاڵ کردووە، سۆزی بۆ رابردوو زیاتر جوڵاوە؛ بەڵام ئاراستەی سەفەرەکانی نەگۆڕییوە و بەردەوام بووە. لە شیعرێکیدا گوزارشت لەو دۆخە دەکات، هاوشوناسی لەنێوان مەعشوقەکەی و "مار"ێکدا دەسازێنی، کە هەم فریوی دەدات و هەم دەیگەزێت. واتە هەرچەندە دڵنیا بووە ئەوە بانگی مەرگە بەرەو جوگرافیای ئاوابوونی خۆر و ئاوابوونی

جەستە دەبیات، بەڵام لە عەقیدەی ئەودا ئاوابوونی جەستە، هەڵاتنی رووناکی رۆح و ئاوێتەبوونی لەگەڵ رەهای گەردوونیدا بەدوادا دێت.

**بەیانیان، لەگەڵ هەموو تیشکێکی نوێدا**
**بە فرمێسک غەریبیتان دەکەم**
**من گازندەی ماری ئەوینم، کە جەرگمی گەستووە**
**هیچ پزیشکێک توانای نیە تیمارم بکات،**
**هیچ کەسێک ئارامیم پێ نادات**
**جگە لە مەعشوقەکەم**
**کە ئێستا هەم دەرمان و هەم تریاکمە**[٤].

## شیعر وەک پانەگەیەکی مێتافیزیکی:

بە مەبەستی هەڵاتن و دەربازبوون لەو نامۆبوونە فیکری و کۆمەڵایەتی و جوگرافییە، سوهرەوەردی پەنای بردووە بۆ جوگرافیای مەجازیی. لە رووبەری دەقەکانیدا سەرگەرمی گەشتی میتافیزیکیی و دامەزراندنی رایەڵەی پەیوەندیی گریمانەیی بووە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیدا. دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایە فەیلەسوف و حەکیمەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوون پێکەوە. لە دووتوێی بەشێک لە دەقەکانیدا پەیوەندیی و گفتوگۆ لەگەڵ دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگا گریمانەییەدا دادەمەزرێنێت، وەک هاوڕێ و کەسانی ئاشنا قسەیان لەگەڵ دەکات و بانگیان دەکات[٥]. یەکێک لەو هاوڕێیانە "حەللاج"ی شاعیرە کە بە "برا" ناوی دەبات. دوانی تریان "ئەفلاتۆن" و "زەردەشت"ن، کە وەک دوو ئاشنا هەمیشە هاوسەفەری سوهرەوەردین[٦]، یەکێکیان نوێنەرایەتی ئایدیالیزمی گریکی و ئەوی تریان نوێنەرایەتی حیکمەتی ئێرانی کۆن دەکات. پەناگەیەکی مەجازیی تر، کە سوهرەوەردی پەنای بۆ دەبات زمانی شیعرییە،

بەدیاریکراوی شیعریەتی عەرەبی، کە فەزایەکی ئاڵتەرناتیف دروستدەکات بۆ گوزارشتکردن لە ئەوینی یەزدانی و هەڵماڵینی پەردەی تاریکی:

**بەئەوینی یەزدانیی، پەردەمان هەڵماڵی**

**هەواڵی نوێ و مزگێنیمان پێگەیشت**

**وەک بادە، بە لێو نۆشیمان، ئیدی مانگ و خۆر لە ئاسماندا دەرکەوتن**

**ون بووین و ئاواتمان هاتەدی، ئاسەوارمان لەپاش خۆمان سڕییەوە**

**هاوڕێیەکی کۆنی سەر سفرەی مەی، جوامێرو بەخشندە،**

**بانگی کردین و لە کاتی مەستی و ونبووندا قسەی بۆ کردین**

**لێمان روانی، تا بە رۆشنی دەرکەوت،**

**ئیدی لەنێوان دیدی ئێمەو بوونی ئەودا پەردەیەک نەما**[٧]

لە جیهانبینی سۆفیگەریدا پەنابردن بۆ زمان واتە گواستنەوەی ئاماژەکان لە نێوکۆی تاکەکەسییەوە (وەک خود) بۆ نێوکۆی کۆمەڵایەتی گشتی (وەک ئەو یان ئەوان). دەشێت (ئەو) مەعشوق بێت یان کەسی سێیەم بێت کە گوێبیستی حیکایەتی عیشقە. هەربۆیە سوهرەوەردی لە هەندێک ئاماژەی شیعریدا، راناوی کەسی یەکەمی قسەکەر "من" ئاوێتە کەسی دووەمی قسەئاراستەکراو "تۆ" و کەسی سێیەمی قسەبۆکراو "ئەو" دەکات. ئیدی وەک رۆمان یاکۆبسن دەڵێت لە پەیوەندی نێوان پەیام و پەیامنێر و پەیاموەرگردا پەیامە شیعرییەکە رۆڵێکی مەرکەزی وەردەگرێێت[٨]، من و تۆ و ئەوان جێگۆڕکێ دەکەن و رۆڵی یەکتر تەواودەکەن لەپێناو بەرجەستەکردنی پەیامەکەدا. ئەم ستایڵە شیعرییەی نوسین لەگەڵ دنیابینی سۆفیگەریدا یەکدێتەوە، کە دۆخی عەشق گرنگتر دەبینێت تا شوناسی مەعشوق، وەک هەوڵێك بۆ یەکتاکردنەوەی بوونەوەران لە تاقە بوونەوەرێکدا.

**ئەی ئەویندارم! فەرموو ئاماژەکانم..**

**تۆ پەیڤی منی لەناو ئەهلی ئەویندا،**

**تۆ دوا غایەتی کۆی عاشقانیت.**

**ستایش بۆ دڵێک لەتاو عیشقی تۆ دەتوێتەوە.**

**مرۆڤەکان بەرەو مەعشوقەکان رێیان گرتەبەر و**

**عاشقانی تۆش لەڕێی تۆدا ون بوون!**[۹]

پەنابردن بۆ زمانی عەرەبی، بەمەبەستی گوزارشتکردن لە ئەزموونی عیرفانی، بایەخێکی تایبەتی لای سۆفیگەرە موسڵمانەکان هەیە. دەشێت عەرەبی "زمانی دایک"ی عارفەکان نەبێت؛ بەڵام هەمیشە زمانی درکاندنی ئەو ئاماژانەیە کە تەنها بە عەرەبی گوزارشتیان لێدەکرێت. هەندێک نهێنی ناوەکی لە قووڵاییەکانی هۆشیارییدا ئامادەن کە تەنها لە جوغزی زمانی عەرەبیدا جائیزە رۆشناییان بخرێتەسەر. بەگوێرەی ئەم دیدە، عەرەبی زمانێکە لە دەرەوەی کات، ئێستا دەبەستێتەوە بە رابردوو و ئایندەوە، چونکە "لە باوەڕی موسڵماناندا، زمانی عەرەبی زۆر بە وردی گوزارشت لە قسەی خودا دەکات، قورئان لە کاتی تیلاوەتدا مەخلوق (دروستکراو) نیە، بەڵکو هەر هەبووە و لە زاتی ئیلاهی ناترازاوە، پیتەکانی عەرەبی گوزارشت لە بیرکردنەوەی خودا دەکەن، هەر بۆیە پێویستە باوەڕداران نوێژ بە زمانی عەرەبی بکەن تا ئەو تایبەتمەندییە بەرجەستە ببێت"[۱۰]. لای حەللاج، کە کاریگەریی زۆری لەسەر سوهرەوەردی هەبووە، گوزارشتکردن لە ئەوینی یەزدانی بۆ یەکهاتنەوە لەگەڵ گەردوون و کۆی بوونەراندا "تەنها بەو شێوازی دەربڕینە ئەنجام دەدرێت کە یەزدان خۆی بەکاریهێناوە"[۱۱].

عەرەبی، چ لەڕووی فۆنەتیک و چ لە ڕووی نیگاری پیتەکانیەوە، بوونی زمانێکی پیرۆز لە زەینیەتی باوەڕداراندا بەرجەستە دەکات، کە "لەوحی مەحفوز دەبەستێتەوە بە بوونەوە، وشەکانیش دەبەستێتەوە بە بوونەرانەوە"[۱۲]. لێرەوە سەفەری سوهرەوەردی بۆ "حەڵەب" تەنها سەفەرێکی فیزیکی نەبووە، بەڵکو سەفەرێکیش بوو بۆ ئاشتکردنەوەی خود و خود، خودێک کە هەڵگری ئاماژەکانە بەڵام زمانێکی نیە بۆ گوزارشتکرن، لەپاڵ خودێکدا توانای ئاماژەکان تەرجەمە دەکات بۆ زمانێکی پیرۆز، وەک ئامرازێکی کۆن و هاوتای ئەزەلیەتی یەزدان.

## زمان وەک ئامرازێکی رۆشنکار

بەستنەوەی زمانی عەرەبی بە ئەزەلەوە پەیوەندیی بە چەمکێکی ئاینی ترەوە هەیە، کە بریتییە لە هەڵقولاّنی بوون، کە هاوزەمان بووە لەگەڵ درکاندنی یەکەمین وشەدا. بەم مانایە، یەکەمین ئەفرێنەرو یەکەمین قسەکەر دوو رووی یەک قەوارە بوون کە یەزدانن. لە هەموو ئاینەکاندا پەیوەندیی یەکتەواوکار لەنێوان وشەی (ببە)و کردەی (بوون)دا هەیە. بەپێی قورئان، سەربارەی ئەو پەیوەندییە یەکتەواوکارە، لەڕووی پلەبەندیی زەمەنییەوە (وشە) دەکەوێتە پێش (کردە). لە سوورەتی نەحلدا هاتووە: "کاتی شتێکمان دەوێت دەڵێێن: ببە! ئیتر دەبێت"[١٣]. ئەگەر لە دەقی ئاینی وەک پەیامێکی سیمیۆلۆجی بڕوانین، ئەم پلەبەندییە پەیوەندیی بە رادەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە هەیە، وەک پەیام وەرگر، کە لە توانایدا نیە لەیەک کاتدا لە دوو شت پێکەوە، وشە و کردە، تێبگات. هەروەها پەیوەندیی بە هەردوو چەمکی (وشەو رووناکی)یەوە هەیە، چونکە هەروەکچۆن وشە کۆتایی بە بێدەنگی دێنێت، رووناکیش کۆتایی بە تاریکی دێنێت. لەبەرامبەر وشەو رووناکیدا، بێدەنگی رەهاو تاریکی رەهاش هاوتان، کە پێکەوە هیچ (عەدەم) دروستدەکەن.

بەمجۆرە، دەبینین وێنەی ئەفراندن لای سوهرەوەردی هاوتای وێنەی رۆشنکاریی (ئیشراق)و پژانی نووریی یەزدانییە کە تاریکی رادەماڵێت. لە کتێبی "حیکمەتی ئیشراق"دا سوهرەوەردی باسی مەزهەبی ئیشراق دەکات، کە سەرچاوەی دانایی (حیکمەت) دەگەڕێنێتەوە بۆ رووناکی. دانایی وەک نوور دژی عەدەم هەڵدێت. زمانیش رۆڵی لە رووناککردنەوە و ئەفراندندا هەیە، تا زمان زیاتر گەشە بکات بازنەی بوونەوران فراوانتر دەبن. شارەزووری لە پێشەکیی کتێبی ناوبراو و لە راڤەی ئەم چەمکەدا دەنوسێت: "مەبەست لە دابەزینی نەفسی قسەکەر، لە جهیانی بالاّوە بۆ جیهانی نزم و تاریک، بریتییە لە تەواوکردنی زانست و مەعریفەی راستەقینە، چونکە (جیهانی دووەم) جیهانێکی خاڵییە لە قسەکردن"[١٤]. ئەمبێرتۆ ئیکۆ، لە نێوکۆیەکی هاوشێوەی تیۆلۆجیای ئاینە یەکتاپەرستەکاندا، باس لەم یەکانگیرییە دەکات، ئاماژە بۆ کردەی

ئەفراندن دەکات لە پەیوەندیدا بە رۆشنکاریی، وەک لە نامەی یەکەمی تەوراتدا هاتووە لەسەر زاری یەزدان: "با نوور دروست ببێت". هاوکات لەگەڵ ئەم فەرمانە یەزدانییەدا زەمین و ئاسمانەکانیش دروست دەبن[١٥].

لە چەندین ئاماژەی دیوانی شێخی ئیشراقدا بە زمانێکی شیعریی باس لەم فەلسەفەیە کراوە. ئیدی زمان دەبێتە کلیلێک بۆ بەستنەوەی "ئێستای تاریک" بە نووری یەکەمەوە. لە قەسیدەی (رۆحەکان یادتان دەکەن)، شێخ باس لە گەشتێکی خۆی دەکات کە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ تێپەڕاندنی ئێستا وگەڕانەوە بۆ نووری یەکەم کە تاریکیی هیجرەت رادەماڵێت:

**بگەڕێنەوە، تا بە نووری ژوان تاریکی هیجرەت رووناک ببێتەوە**
**بۆ من، هیجرەت شەوگارو ویساڵیش سپێدەیە؛**[١٦]

لە چەند بەیتێکی تری هەمان قەسیدەدا، شێخی کوژراو گەشتێک بە سەرنشینانی کەشتییەک دەکات، ناوی دەنێت "کەشتی ئەمەک لە دەریای فرمێسکدا"، کەشتیەوان نوێنەرایەتی عیشق دەکات، سەرەتا سەرنشینەکان لە دەریادا وێڵ دەبن و وشکانی ون دەکەن. لە کۆتاییدا کلیلێک دەدۆزنەوە کە دەبێتە رێنیشاندەریان بۆ سەرزەمینی مەبەست. ئەو کلیلەش بانگ/ وشەیە:

**ئەوان سواری کەشتیی ئەمەک بوون**
**فرمێسکیان دەریا و ناوی عەشقیان کەشتیەوان بوو**
**سوێند بەخوا، تا بانگ نەکران و کلیلیان وەرنەگرت**
**لەبەر قاپی نەوەستان و نەچوونە ژوورەوە**[١٧]

لە ئەزموونی شیعریی سوورەوەردیدا، هەروەک ئەزموونە فەلسەفیەکەی، نوور چەمکێکە قابلی پێناسەکەردن نیە؛ چونکە نوور خۆی ئامرازە بۆ پێناسەکردن و نیشاندانی هەموو شتێک، هیچ شتێکیش توانای رووناککردنەوە و پێناسکردنی ئەوی نیە. "شتێک

ئاشكراو روون بێت پێویستی بە پێناسكردن و لێكدانەوە نیە، هیچ شتێكیش هێندەی نوور ئاشكراو روون نیە. هیچ شتێك وەك ئەو لە سەروو پێناسەوە نیە"[١٨]. بەڵام جەستە ناوچەیەكی بەرزەخیی پكدێنێت لەنێوان نوور و تاریكیدا، جەستە یان لەناو تاریكیدا نوقم دەبێت، یان لەرێگای رۆشناییەوە دێتە بوون. جەستە چەندە رووناكیش بێت، رووناكیەكەی هیچ نیە جگە لە عەكسی رووناكیی یەزدانی. دوو جۆر نوور هەن، جۆرێكیان نووری رەسەنە، كە پێی دەوترێت "نووری پەتی"، خۆی لە یەك كاتدا رەنگ دەبەخشێت و رەنگدانەوەشە؛ بەڵام ئەوی تریان پێی دەوترێت "نوری كاتی"، چونكە نوورێكی رەسەن نییە، بەڵكو رەنگدانەوەی نوورێكی ترە[١٩]. بەم مانایە، مرۆڤ چەندە عارفیش بێت، خۆی سەرچاوەی نووری خۆی نیە. لە بەرامبەردا نووری یەزدانی نوورێكی پەتییە "هیچ نوورێكی لەسەرەوە نیە، نووری نوورانە، ... نووری باڵاو پیرۆزە، ... نووری رەهایە"[٢٠]. مرۆڤی عارف هەوڵدەدات لەو نوورە نزیك بكەوێتەوە، بەڵام نزیككەوتنەوە لێی هەڵگری مەترسییە، دەشێت بە سووتان و فەنابوون كۆتایی بێت. بۆیە دەبێت مرۆڤ لە ناوچەیەكی بەرزەخیدا بمێنێتەوە، لەنێوان رووناكی و تاریكیدا، ئەگەرنا رووبەڕووی نووری نوران دەبێتەوە، ئیتر دەچێتە دۆخی فەنابوونەوە:

**لە تاریكیدا رووناكیم بینی،**
**ئیدی شەوم لێبوو بە رۆژ**
**گەر بەرەو ئەو رووناكییە بڕۆم فەنا دەبم،**
**ئیدی راستم لێ دەبێتە چەپ**[٢١]

لەم نێوەندەدا وشە گرنگی خۆی هەیە، دەشێت ئاسۆیەك بێت بەرەو رووناكی، بەڵام پێداگریی زۆر لەسەر دركاندنی وشە دەشێت مرۆڤ بخاتە ناوچەیەكی مەترسیدار. بەگوێرەی كتێبی پیرۆزی موسڵمانان و پەیڕەوانی ئاینە یەكتاپەرستەكان، موسای پێغەمبەر هاوڕێیەتی لەگەڵ ئاگرێكدا پەیداكرد، بڕێك تیشكی لێوەرگرت، ئیدی بووە (كەلیم) قسەكەر لەگەڵ یەزدان[٢٢]. بەڵام تەماشاكردنی راستەوخۆی ئەو نوورە یەزدانییە مرۆڤ رووبەڕووی لەناوچوون دەكاتەوە.

وەک لەو بەیتەی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، چیرۆکی سوهرەوەردی لەگەڵ نووری بالادا دەبێتە هۆی لەناوچوون، وەک ئەوەی خۆی پێشوەخت پێشبینی ئەو چارەنوسەی کردبێت. سوهرەوەردی بە وشەکانی هەندێک ناوچەی رووناک کردەوە، کە بەگوێرەی ئایدیۆلۆجیای بالادەست دەبوو بە تاریکی بمێننەوە. لە قەسیدەیەکی تریدا کە بە فرێزی "هانێ ئاماژەکانم" دەستپێدەکات، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە تا ئەندازەیەکی زۆر دەقئاوێزانی چیرۆکی مووسایە. تیایدا باس لە ئاوی "بیری مەدیەن" دەکات، هەروەها باس لە ئاگرێکی پڕ بڵێسە دەکات کە لە دوورەوە دەردەکەوێت:

**بەتینوێتی، بۆ ئاوهەڵگۆزینی نەجات رۆشتین**
**کاتێک گەیشتینە سەرچاوەی ئاوی مەدیەن**
**لە دوورەوە.. ئاگرێکی پڕ بڵێسە دەرکەوت**
**ئەو ئاگرە جێژوانی ئێمە و مەعشوقان بوو**(٢٣)

## زمان وەک بەرزەخێک لەنێوان ئاشکراو شاراوە/ ژیان و مەرگدا

لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا، ئاشکراکردنی هەرێمە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ هاوتای ئاشکراکردنی نهێنیەکانی دەوڵەت بوو. وەک هەر دەوڵەتێکی پشتئەوستور بە تەنها ئایدیۆلۆجیاییەکی فەرمی، دەوڵەتی ئیسلامی سانسۆری لەسەر ناخی مرۆڤەکانیش دانابوو. درکاندنی رازە ناوەکیەکانی مرۆڤ هێندەی درکاندنی رازەکانی ئاسایشی دەوڵەت مەترسیدار بوو. بەڵام کاتێک زمانی شیعریی تێکەڵ بە وەجدی عیرفانی دەبێت، کەسی قسەکەر پەردەی نێوان ئاشکراو شاراوە لادەدات. لادانی ئەو پەردەیە رسکێک بوو لە وێنەی لادانی پەردەی نێوان ژیان و مەرگ.
ئایدیۆلۆجیای فەرمی لە حەڵەب بەگوێرەی سیستمێک دیاریدەکرا کە سەلاحەدین لە میسرەوە هێڵە گشتیەکانی دیاری دەکرد. دەگێڕنەوە، هەرچەندە زاهیری کوڕێ

سەلاحەدین هاوسۆز بووە لەگەڵ سوهرەوەردیدا؛ بەڵام دواجار فەرمانی ئیعدامکردنی جێبەجێدەکات بەتۆمەتی زەندەقە و لادان لە ئاین. ئەو جۆرە حوکمانە فەقیهەکان دایاندەنا، کە پاسەوانی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت بوون بۆ کێشانی سنورەکانی حەلاڵ و حەرام لە بازنەی زماندا. لای سەلاحەدین ئەو سنوورانە تەنها ئاینی نەبوون، بەڵکو بە پلەی یەکەم سیاسی بوون، لەپێناو چەسپاندنی پایەکانی دەسەلاتدا بەئاراستە دەرەوەو ناوەوەش، بۆ رووبەرووبوونەوەی دوژمنانی دەرەکی و سەقامگیرکردنی ئاسایش ناوەکی. سۆفیگەری، بەپێی ئەو ئایدیۆڵۆجیایە، سنوورە دەستنیشانکراوەکانی زمانی عەرەبیی تێکدەدا، گومانی دروستدەکرد و ئاسایشی ناوخۆی دەخستە بەر مەترسی[٢٤].

زمانی عەرەبی زمانی گوتاری فەرمی دەوڵەتی ئیسلامی بووە بەدرێژایی مێژوو. سوهرەوەردی و هەموو ئەو زاناو فەیلەسوفانەی کە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی بە هۆی نوسینەکانیانەوە سزادراون، لە دەرەوەی پێوەرەکانی ئایدیۆڵۆجیای فەرمی مامەڵەیان لەگەڵ زماندا کردووە. شێخی کوژراو پێیوابوو زمانی عەرەبی هەڵگری رەهەندێکی یەزدانیی ئەوتۆیە کە مرۆڤ ناتوانێت چۆنیەتی بەکارهێنانی دەستنیشان بکات. ئەو پێیوابوو وشە دوو رەهەندی هەیە "یەکەمیان دەچێتەوە سەر پیرۆزیی و دووەمیان دەچێتەوە سەر لەشی مرۆڤ"[٢٥]. گەر مرۆڤ بتوانێت بچێتە سەروو لەشی خۆیەوە، ئەوکات دەتوانێت رەهەندە پیرۆزەکەی زمانیش کەشف بکات. پلەی باڵای وشە کاتێک بەرجەستە دەبێت کە نەبێتە یەخسیری بەدەن[٢٦].

هەرچەندە سوهرەوەردی شارەزاییەکی زۆری لە زمانی فارسیدا هەبوو، چەندین کتێبیشی بەو زمانە هەیە؛ باڵام زمانی عەرەبی هەڵبژارد بۆ نوسینی گرنگترین کتێب و قەسیدەکانی. وشە، لای ئەو، "گەر پاڵفتە بکرێت و پشتئەستور بێت بە پیرۆزیی، هێندە نزیک دەکەوێتەوە، ... خۆی دەبێتە هەناسەی جیهان"[٢٧]. بەم پێیە، زمانی عەرەبی کە لە عەقیدەی موسڵماندا پیرۆزترین زمانە، ئامرازێک بوو سوهرەوەردی هەڵیبژارد بۆ گوزارشتکردن لە گەشتە رۆحییەکانی بەرەو مەلەکوت؛ بەڵام لە راستیدا بەرەو مەرگ بوو، چونکە ئەو سنورەی بەزاند کە بووە مایەی حەلاڵکردنی خوێنی:

**سۆزی رۆح بۆ لای مەلەکووت جولا،**
**بۆ دیداری زاتێک، کە تەنها ئەو ئارامی دەکات**
**ئەوەی لەگەڵ ئەوان باسی نهێنی ئەوین بکات**
**خوێنی حەڵاڵە بۆ شمشێرەکان**(٢٨)

گەشتی رۆحی، کە عارف دەگەیەنێتە حلول و لەناوچون، لە زاراوەسازیی عارفەکان خۆیاندا، پێی دەوترێت "لەدەستدانی هەست لەئاست دەروون و جیهانی دەرەوەدا، توانەوەی عەبد (مرۆڤ) لە شکۆی یەزداندا، ئیتر مرۆڤ لەئاست خۆیدا فەنا دەبێت و لە بەردەم یەزداندا ئامادە دەبێت"(٢٩). لەدەستدانی ئەو هەستە واتە نەمانی پەردە لەنێوان شاراوە و ئاشکرا، دەنگ و بێدەنگیدا. لەم دۆخەدا عاشقی ئیشراقی دوو بژاردەی لەبەردەمدایە: لەنێوان بێدەنگی و درکاندن دەبێت یەکێکیان و لەنێوان ژیان و مەرگدا دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت:

**نۆشیمان، نهێنیمان درکاند، خوێنمان حەڵاڵ کرا**
**بەڵام چۆن دەبێت کەسێک بکوژرێت کە نهێنی ئەوین بدرکێنێت؟**
**نهێنی لای ئێمە ئەمانەتە،**
**بەڵام کە باران لێزمەی کرد ئیتر کێ بەرگەی دەگرێت؟!**(٣٠)

لای سوهرەوەردی جەستە نابێتە زیندانێک بۆ بەندکردنی وشە. لای ئەو وشە باڵاترین هەستە، چێژی وشە لەسەروو چێژی جەستەوەیە. کاتێک مرۆڤ سەرقاڵی جەستەی دەبێت ناییەرژێتە سەر جێژوەرگرتن. تەنها کاتێک هەست بەو چێژە دەکات کە لە جەستە دەترازێت"(٣١).

بەمجۆرە، گوتاری شیعریی لەگەڵ میتافیزیکی ئیشراقیدا یەکدێتەوە، ئیدی شیعر و ستراتیجی لادان لە زمانی ئاسایی لە بەندی ئایدیۆلۆجیای فەرمی دەربازی دەبێت. خوێنەری

سوهرەوەردی هەست بەم شیعریەتە دەکات، نەک تەنها لە دەقە شیعرییەکانیدا؛ بەڵکو لە پەیامە عیرفانی و دەقە فەلسەفیەکانیشیدا.

## گەڕانەوە بۆ نیشتمان لە دۆخی فەنابووندا

بە ئیعدامکردنی، گەشتی فیزیکی و فیکریی و شیعریی سوهرەوەردی کۆتایی دێت. بەڵام مردن لای ئەو مانایەکی جیاوازی هەبوو، مەرگ سەرەتای گەشتێکی پێچەوانە بوو بۆ نیشتمان، سەرەتای کۆتایی نامۆبوونی رۆحی بوو. نیشتمانی راستەقینە لای ئەو بە تەنیشت مەلەکووتەوە بوو.

هێنری کۆربین، لە پێشەکی یەکێک لە کتێبەکانی سوهرەوەردیدا ئاماژە بە دوالیزمی (نامۆیی/ نیشتمان) لە فەلسەفەی ئیشراقدا دەکات[٣٢]. بەگوێرەی ئەو فەلسەفەیە نامۆیی (ئیغتراب) شتێک نیە لە دەرەوە بەسەر مرۆڤدا بسەپێندرێت؛ بەڵکو بڕیارێکی ئارەزوومەندانەیە کەسی عارف خۆی وەریدەگرێت، وەک وەڵامێک بۆ ئەو ئایەتەی قورئان کە دەڵێت: "خودایە لەم گوندە دەربازمان بکە کە دانیشتوانکەی زۆردارن"[٣٣]. سەبارەت بە تای دووەمی دوالیزمەکەش، کە نیشتمانە، مەبەست لێی نیشتمانی زەمینی نییە؛ بەڵکو ئەو نیشتمانەیە کە لە سوورەتی فەجردا باسکراوە: "ئەی رۆحی دڵنیا! بەئارامی بگەڕێوە بۆ لای خودای خۆت"[٣٤]. شێخی ئیشراق ئەم بڕوایەی خۆی تەرجەمە دەکات بۆ بەیتێکی شیعری کە دەڵێت:

**سوێند بە پاکی ئەوینتان،**
**لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە بەرەو ئێوە دێم،**
**هەرگیز قاچم بە لای ئەوێنێکی تردا نەترازاوە،**
**ئەوینتان تێکەڵ بە گۆشت و خوێنم دەکەم**
**بەدابڕانم پەیوەندیی نوێ دروست دەکەم و**
**بە بوون عەدەم بەرپا دەکەم**[٣٥].

## پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحـ: د. إحسان عباس، دار صادر، بيروت، 1978، ج6، ص 268-274. هنري كوربان، مقدمات لمؤلفات شهاب الدين السهروردي، ت: فريد الزاهي، منشورات الجمل، بيروت، 2012، ص13-14. یەحیا یەسریبی، قەڵەندەرو قەڵا. و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ئەندێشە، ٢٠١٥، ل (V-XVI).

(٢) ديوان السهروردي المقتول، شرح وتحقيق: د. كامل مصطفى الشيبي، بيروت، منشورات الجمل، 2014، ص93.

(٣) مجموعة مؤلفين، شخصيات قلقة في الإسلام، ترجمة وتأليف: عبد الرحمن بدوي، القاهرة، دار النهضة العربية، 1964، ص 99.

(٤) ديوان السهروردي، ص93.

سەرنجێکی پێویست: لە تەرجەمەی شیعرەکانی سوهرەوەردیدا هەوڵم داوە شیعریەتی دەقەکان بپارێزم، هەربۆیە بەشێوەیەکی حەرفیی پابەند نەبووم بە مانای دەقەکانەوە، واتە زیاتر هەوڵمداوە شیعریەت تەرجەم بکەم نەک مانای موعجەمی.

(٥) شخصيات قلقة في الإسلام، ص 99.

(٦) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 99.

(٧) ديوان السهروردي، ص 84.

(٨) بڕوانە: رومان ياكوبسن، قضايا الشعرية، تر: محمد الولي ومبارك حنون، 1998، الدار البيضاء، دار توبقال، ص 31.

(٩) ديوان السهروردي، ص 65.

(١٠) شخصيات قلقة في الاسلام، ص 64.

(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 64.

(١٢) شربل داغر، اللغة بديلا عن الوجود والخط بوصفه رسما، مجلة علامات، ع 26، 2006، ص 25.

(١٣) سورة النحل: 40.

(١٤) شمس الدين السهروردي، حكمة الإشراق، تقديم: شمس الدين الشهرزوري، تحـ: هنري كوربان، طهران، 1373، ص3.

(١٥) أمبرتو ايكو، من آدم الى البلبلة اللغوية، تر: حسن الطالب، مجلة علامات، ع 22، 2004، ص 110.

(١٦) ديوان السهروردي، ص 74.

(١٧) ديوان السهروردي، ص 76.

(١٨) حكمة الاشراق، ص 106.

(١٩) هەمان سەرچاوە، ل 107.

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل 121.

(٢١) ديوان السهروردي، ص 87.

(٢٢) سورة (النمل)، الآية السابعة: "إِذْ قَالَ مُوسَىٰ لأَهْلِهِ إِنِّيَ آنَسْتُ نَاراً سَآتِيكُمْ مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ آتِيكُمْ بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَّعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ". وسورة القصص: الآية الثلاثون: "فَلَمَّآ أَتَاهَا نُودِيَ مِن شَاطِىءِ ٱلْوَادِي ٱلأَيْمَنِ فِي ٱلْبُقْعَةِ ٱلْمُبَارَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ أَن يٰمُوسَىٰ إِنِّيَ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَالَمِينَ."

بۆ هەمان چیرۆک لە تەوراتدا:

The Holy Bible, Translated from the Latin Vulgate, Douay-Rheims Version, 1582-1609, Chapter 3 of Exodus, p.69.

(٢٣) ديوان السهروردي، ص 65-66.

(٢٤) بڕوانە: وفيات الأعيان، ص 268-274. هەروەها: مقدمة ديوان السهروردي، ص 10-11. و(باللغة الكردية) سەيد نەسروڵڵا، سوهرەوەردی و ئیشراقیەکان. و: دیار عەبدولباقی. ماڵپەڕی مێژووی کورد، (www.historyofkurd.com)، ٢٠١٧.

(٢٥) شهاب الدين السهروردي، كلمات صوفية، تحـ: قاسم محمد عباس، بيروت- بغداد، المدى، 2009، ص 66.

(٢٦) شهاب الدين السهروردي، الألواح العمادية، كلمة التصوف، اللمحات، تحـ: د. نجفقلي حبيبي، بيروت، منشورات الجمل، بيروت- بغداد، 2014، ص 156.

(٢٧) كلمات صوفية، ص 83.

(٢٨) ديوان السهروردي، ص 80.

(٢٩) المعجم الفلسفي. القاهرة: الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، 1979، مادة "الفناء"، ص141.

(٣٠) ديوان السهروردي، ص 67.

(٣١) السهروردي، الألواح العمادية، ص 142.

(٣٢) هنري كوربان، مقدمات لمؤلفات شهاب الدين السهروردي، ص 323-324.

(٣٣) سورة النساء: 75.

(٣٤) سورة الفجر: 27-28.

(٣٥) ديوان السهروردي، ص96.